# بەشی خەبات کردن و تێکۆشان

[ kurdish – کوردی – كردي ]


**طارق حەسەن هەمەوەندی**

**پێداچونەوەی: پشتیوان سابیر عەزیز**



2014 - 1435

IslamHouse.com

# باب الجهاد في سبيل الله

« باللغة الكردية »


## طارق حسن هموندي

مراجعة: بشتيوان صابر عزيز



2014 - 1435


IslamHouse.com

# بەشی خەبات کردن و تێکۆشان

الجِهَاد) لە (جُهْد)ەوە وەرگیراوە، واتە: کۆشش کردن، دەوترێت (جَاهَدَ يُجَاهِدُ جِهَاداً وَمُجَاهَدَةً). ئەگەر بە هەموو توانایەکەوە کۆشش بکات وە نارەحەتی بەرگری کردن و جەنگ کردنی لەگەڵی دا هەڵبگرێت.

وە (جِهَاد) پێی ناوترێت جیهادێکی ڕاستەقینە مەگەر تەنها بۆ خوابێت و بۆ بەرز کردنەوەی ناوی ئەو و بەرزکردنەوەی ئاڵای بەرزی ئیسلامەتی بێت، وە بۆ بەدەست هێنانی ڕەزامەندی ئەوبێت، جا هەر کەسێك بۆ بەدەست هێنانی پلەوپایەی دونیایی بجەنگێت یان بۆ دەرخستنی ئازایەتی وچاو نەترسێتی خۆی یا بۆ هەر مەبەستێکی تری دونیایی ئەوە هیچ پاداشتێکی بۆ نیە لای خوای گەورە لەبەر فەموودەکەی (أبُو مُوسى) (خوای لێ ڕازی بێت) کەوا فەرمووی: پیاوێك هات بۆلای پێغەمبەری خوا (صلی) جا فەرمووی: کەسێك لەبەر دەست کەوت دەجەنگێت، وە کەسێك لەبەر ناوو شوهرەت دەجەنگێت وە کەسێك لەبەر ئەوەی شوێنی دیاربێت دەجەنگێت، جا ئەمانە کامیان لەپێناوی خوا دایە؟

پێغەمبەری خوا (صلی) فەرمووی: ((مَنْ قَاتَلَ لِتَكُونَ كَلِمَةُ اللهِ هِيَ الْعُلْيَا فَهُوَ فِي سَبِيْلِ اللهِ)) واتە: ئەوەی بجەنگێت بۆ ئەوەی ووشەی خوا بەرزبێتەوە ئەوە لەپێناوی خوادایە [رواه البخاری (٦/رقم/٢٨١٠) ومسلم (١٩٠٤/١٥١٢/٣) وغيرهما].

خوای گەورە لەزۆر ئایەتی قورئان دا فەرمان دەكات بە (جِهَاد) كردن بە نەفس و بەماڵ لەوانە خوای گەورە لە سورەتی [التوبة :٤١]دا دەفەرموێ: ﴿ إِنْفِرُوا خِفَافاً وَثِقَالاً وَجَاهِدُوا بِأَمْوَالِكُمْ وَأَنْفُسِكُمْ فِي سَبِيْلِ اللهِ ذَلِكُمْ خَيْرٌ لَكَمْ إِنْ كُنْتُمْ تَعْلَمُونَ ﴾ واتە: ڕاپەڕن بۆ جیهاد بەسووك و قورستانەوە، وە جیهاد بكەن لەپێناوی خوای گەورەدا بە ماڵ و گیانتان، ئەوە بۆ ئێوە چاكترە ئەگەر بزانن. وە لەئایەتی (٣٨)ی هەمان سورەت دا دەفەرموێ: ﴿ يَاأَيُّهَا الَّذِيْنَ آمَنُوا مَالَكُمْ إِذَا قِيْلَ لَكُمْ إِنْفِرُوا فِي سَبِيْلِ اللهِ أَثَّاقَلْتُمْ إِلى الأَرْضِ ، أَرَضِيْتُمْ بِالحَيَاةِ الدُّنْيَا مِنَ الآخِرَةِ فَمَا مَتَاعُ الحَيَاةِ الدُّنْيَا مِنَ الآخِرَةِ إلاّ قَلِيْلٌ ﴾ واتە : ئەی ئەوانەی كە باوەڕتان هێناوە، ئەوە بۆچی كاتێك پێتان بووترێت ڕاپەڕن لەپێناوی خوادا خۆتان لەش قورس دەكەنەوە بەرەو زەوی، ئایە بە ژیانی دونیا ڕازی بوونە لەجیاتی قیامەت، دەبزانن كەوا

خۆشی و ڕابواردنی ژیانی دونیا بەرانبەر قیامەت دا هەر زۆر کەمە.

وە فەرموودەیشمان لەم بارەیەوە زۆرە، لەوانە فەرموودەکەی (أَنَس) (خوای لێ ڕازی بێت) کەوا پێغەمبەری خوا (صلی) فەرمووی: ((جَاهِدُوا المُشْرِكِيْنَ بِأَمْوَالِكُمْ وَأَنْفُسِكُمْ وَأَلْسِنَتِكُمْ))واتة: جیهادی کافران و هاوەڵ بڕیار دەرەکان بکەن بەماڵ و نەفس و زمانتان[رواه ابوداود (٢/رقم/٢٥٠٤) والنسائي (رقم/٣٠٩٦) وهو حديث صحيح بڕوانە صحيح الجامع (٣٠٩٠)].

وە فەرموودەی زۆریش هەیە بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کەوا جیهاد کردن لە ئوممەتی ئیسلام دا بەردەوامە تا قیامەت، لەوانە فەرموودەکەی (جَابِرُ بنُ عَبْدِالله) (خوایان لێ ڕازی بێت) کەوا پێغەمبەری خوا (صلی) فەرمووی: ((لاتَزَالُ طَائِفَةٌ مِنْ أُمَّتِي يُقَاتِلُونَ عَلَى الحَقِّ ظَاهِرِيْنَ إلى يَوْمِ القِيَامَةِ، فَيَنْزِلُ عِيْسَى إِبْنُ مَرْيَمَ فَيَقُولُ أَمِيْرُهُمْ: تَعَالَ صَلِّ لَنَا فَيَقُولُ: لاَ إِنَّ بَعْضَكُمْ عَلَى بَعضٍ أُمَرَاءَ تَكْرِمَةَ الله لِهَذِهِ الأُمَّة))واته: بەردەوام دەستەیەك لە ئوممەتەکەم دەجەنگن لەسەر حەقن دیارن تا ڕۆژی قیامەت، جا (عیسی بن مریم)دا

دەبەزێت و فەرماندەکەیان پێی دەڵێ: وەرە پێش نوێژیمان بکە، ئەویش دەفەرموێ: نەو، بەڕاستی ئێوە هەندێکتان فەرماندەن بەسەر هەندێکی ترتانەوە ڕێزێکی خوایە بۆ ئەم ئوممەتە [رواه مسلم (٣/رقم/١٩٢٣) وغيره برِوانە السلسلة الصحيحة (١٩٦٠) وصحيح الجامع (٧٢٩٣)].

وە تێکۆشەران (مُجَاهِدين) پلەیەکی زۆر بەرزیان هەیە لای خوای گەورە:

لەم بارەیشەوە فەرمووده زۆرە لەوانە فەرمودەکەی (أبُو هُرَيْرَه) (خوای لێ ڕازی بێت) کەوا پێغەمبەری خوا (صلی) فەرمووی: ((مَنْ آمَنَ بِاللهِ وَرَسُولِهِ وَأَقَامَ الصَّلاَةَ وَصَامَ رَمَضَانَ ، كَانَ حَقّاً عَلَى اللهِ أَنْ يُدْخِلَهُ الجَنَّةَ جَاهَدَ فِي سَبِيْلِ اللهِ أَوْ جَلَسَ فِي أَرْضِهِ الَّتِي وُلِدَ فِيْهَا)) واتە: هەرکەسێك باوەڕی هێنا بەخواو بە پێغەمبەرەکەیشی و نوێژی کرد و ڕۆژووی ڕەمەزانی گرت، ئەوە خوای گەورە پێویستی کردوە لەسەر خۆی کەوا بیخاتە بەهەشتەوە، ئیتر جیهادی لەپێناوی خوادا کردبێت یان دانشتوبێت لەو زەوییەی کە تێیدا لە دایك بووە. ووتیان: ئەی مژدە بەخەڵکی نەدەین؟ فەرمووی ((إِنَّ فِي الجَنَّةِ مِائَةٌ دَرَجَةٍ أَعَدَّهَا اللهُ لِلمُجَاهِدِيْنَ فِي سَبيْلِ اللهِ ، مَابَيْنَ الدَّرَجَتَيْنِ كَمَا بَيْنَ السَّمَاءِ وَالأَرْضِ ، فَإِذَا سَأَلْتُمْ اللهَ

فَاسْأَلُوْهُ الفِرْدَوْسَ ، فَإِنَّهُ أَوْسَطَ الجَنَّةِ وَأَعْلَى الجَنَّةِ وَ فَوْقَهُ عَرْشُ الرَّحْمَنِ وَمِنْهُ تَفْجُرُ أَنْهَارُ الجَنَّةِ)) واته : بێگومان له بەهەشت دا سەد پله هەیه خوای گەوره بۆ تێکۆشەران له پێناوی خۆیدا ئامادەی کردووه، نێوانی هەر پلەیەك بۆ پلەیەکی تر وەکو نێوانی ئاسمان و زەوییە، جا ئەگەر داواتان لەخوای گەوره کرد ئەوه داوای فیردەوسی لێ بکەن، کە ناوڕاستی بەهەشتە و سەرەوەی بەهەشتە، وە سەرەوەی ئەویش عەرشی خوای گەورەیه، وه لەویوه ڕووبارەکانی بەهەشت هەڵدە قوڵێ [رواه البخاری (٦/رقم/٢٧٩٠)].

وه فەرموودەکەی تری (أبو هُرَيْرَه) کەوا پێغەمبەری خوا (صلی) فەرمووی: ((مَثَلُ الْمُجَاهِدِ فِي سَبِيْلِ الله كَمَثَلِ الصَّائِمِ القَائِمِ القَانِتِ بِآيَاتِ الله لايَفْتُرُ مِنْ صِيَامٍ وَلاَ صَلاَةٍ حَتَّى يَرْجِعَ الْمُجَاهِدُ فِي سَبِيْلِ الله)) واته: نموونەی ئەو کەسەی لەپێناوی خوای گەورەدا جیهاد دەکات وەکو نموونەی کەسێکە بەرۆژ بەڕۆژوو بێت و بە شەویش شەو نوێژی بکات و قورئان بخوێنێت، تووشی هیچ خاوی و ساردییەك نەبێت له ڕۆژوو گرتن و نوێژ کردن دا، تا تێکۆشەر لەپێناوی خوا دەگەڕێتەوه [رواه مسلم (١٤٩٨/١٨٧٨/٣) والترمذی (١٦٦٩/٨٨/٣)].

وە فەرموودەکەی (أنسُ بنُ مَالِك) (خوای لێ ڕازی بێت) کەوا پێغەمبەری خوا (صلی) فەرمووی: ((لَغَدْوَةٌ فِي سَبِيْلِ أَوْ رَوْحَةٌ خَيْرٌ مِنَ الدُّنْيَا وَ مَافِيْهَا)) واتە: دەرچوونێك لەپێناوی خوای گەورە بۆ جیهاد کردن یا گەڕانەوەیە لە جیهاد کردن لای خوای گەورە چاکترە لە دونیا و ئەویشی تێیدایەتی [رواە البخاری (٦/رقم/٢٧٩٢) ومسلم (٣/١٤٩٩/١٨٨٠) ].

سەرچاوە :پوختەی فیقهی شەریعەت.